

# بنەما بنەڕەتیەکانی میتۆدەی فینۆمینۆلوژی ئیدمۆند هۆسرێل

دکتۆر: حەمید عەزیز*

هەر لەسەردەمی کۆنی یونانەوە، هەر قۆناغەی پەرەسەندنی فەلسەفە، خەسڵەتی خۆی هەبووەو فەلسەفەی هەر فەیلەسوفەش کەسایەتیو سروشتو کارەکتەری جیاوازی پێبەخشیوە. فینۆمینۆلۆژی کەرێبازێکە لەرێبازە گرنگەکانی فەلسەفەی سەردەمو لەلایەن فەیلەسوفو بیرکاری بەناوبانگی ئەڵمانو بەئاینی جولەکە ئیدمۆند هۆسرێل دامەزراوە، هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە لەچەند بەرهەمێکدا ئەوە نیشاندراوە کەمیتودە، بەتایبەتی میتۆدی فینۆمینۆلۆژی پوختەو گەوهەری فەلسەفەکەیەتی، ئەو میتودە چییەو چۆنەو بەچی لەوانەی پێش خۆیو دواتری جیادەکرێنەوە.
هۆسرێل (1859–1938) کەخۆی لەخۆیدا بیرکاربووەو لەلای فرەنتس برێنتانۆ فەلسەفەی خوێندوە، بەئاشکرا جێدەستی ئەو فەیلەسوفە لەجیهاندیدەکەیدا هەستپێدەکرێ بەتایبەتی ئەو بەشەی میتۆدەکەی بەبەئامانجەکەی ناسراوە.

گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٩) حوزەیرانی ٢٠١٣

**بنەمای ئامانجەکەی**

بەلای برێنتانۆوە فەلسەفە بەگشتی، بۆچوون‌و بڕیاردان‌و ئەنجامگیری دەکـاتـ بەکەرەسەی ئوێژینەوە، ئـەو بابەتانەش کەبەهۆی چەند چەمکێکەوە دەردەبڕدرێن، بەگشتی کەرەسنەی چالاکی دەرونی‌و بابەتی سایکۆلۆژیین، بۆیە دەبێ بەقسەی برێنتانۆ ئـەو زانستە دەروونییە بەبنەمای فەلسەفەی دوا رۆژ دابنرێ، لێرەوە دوو خاڵە لەجیهانیدی ئەو فەیلەسوفەی نەمسابییەوە هاتونەتە نێو فینۆمینۆلۆژی هۆسرێل.

یەکەم: شروڤەکردنی دیاردەکانی هــۆش کـەبـەعـەرەبـی (وەعـــی) پێدەوترێ، ئینجا پۆلێنکردنیان دەبێ کەرەسەی سەرەکی ئەو میتودەیە بێ، کەهۆسەرێل پشتی پێبەستوە.

دووەم: ئامانجەکەی کەبیروکەی سەرەکی‌و شابیرۆکەی کاروچالاکی دەرونییە ببێ بەبەردی بناغەی ئەو کوشکەی بڕیاری فەلسەفەی ئێدا دەدرێ!

فرەنتس برێنتانۆ باسی پەیوەندی ئامانجەکی کردوەو ئەو ئامانجەکیە لەلای هوسرێل، بووە بەئامانجەکی هــۆش، هـەردووکـیـان بـەو جۆرە قسەیان لەو بنەمایە کردوە:

ئامانجەکی راسنەوخۆیی لەخۆیدا دیـاردەیـەکـی دەرونـیـیـە، بـەڵام جـۆرە پەیوەندییەکی دیـــارو سـەرنـجـڕاکـێـش بەکەرەسەو بابەتێکەوە دیارو بەرجەسنەدەکاتـ، ئەو چالاکییە بەئاڕاسنەیەکدا ئەکان دەداتـ‌و بابەتی خـۆی هەیە، ناکرێ دیـاردەی خۆشەویسنی بەبێ بابەتێک کەخۆشدەویسنرێ لەئارادابێ‌و بیری لێبکرێنەوە، خۆشەویسنی هیچ کاتێک بەبێ ئامانج‌و ناوەڕۆک نابێ‌و ناگونجێ.

دیـاردە هەمیشە خەسڵەتەو سروشتی ئامانجەکەی هەیەو راسنەوخۆش بابەتـ‌و کەرەسەی هــۆش‌و هوشیارییە، چونکە هــۆش کاتێک بەبێ بابەتـ‌و کەرەسنەو ناوەڕۆک نابێتـ، بەڵکو هەمیشە هۆش، هۆشیاری برینیە لەئاگابوون (لەهۆشبوون) لەشتێک لەبابەتێک.

ئەو بابەتە دەکـرێ خودی مرۆڤ خـۆی بــێ، بوونێکی دیاریکراوی خۆی بێتـ، بەڵام بەهیچ جۆرێک ئاو ئامانجەکییە ئەو دوو رەنگیەی بـوون لانـابـاتـ، بەڵکو دووپـاتـی دەکـاتـەوە، بەپێی ئەو بۆچوونە، هۆش کەناوەڕۆکەکەی کەرەسەی

چەند قۆناغێکی
یەکلاییکردنەوەو
بڕیارداندا
ئێدەپەڕی، بەڵام
سروشتە هەرە
دیارەکەی شتـ
خستنە ناو
کەوانەوەو خۆ
بواردن لەبڕیاردانە

ئوێژینەوەی مینۆدەی فینۆمینۆلۆژییە، هەرگیزاو هەرگیز رووتـ‌و پەتی نابێتـ‌و ناوەڕۆکی هەیە، بەڵام ئەو ناوەڕۆکە خۆی هۆش نییە، بەڵکو شتێکی ئرە، بابەتێکە بەهۆی هۆش خۆیەوە پەی پێ بــراوەو دەکرێ بەهاوردە(Data) ناوبرێ.

دیـاردەی دەرونییەکان جگەلەوەی ئامانجەکەی بەپێچەوانەی دیاردە فیزیکیەکانەوە بەپێی رەوشـــی

دیاریکراو و ڕێسای ئایبەتی پەیدا دەبن‌و ئامێنن بۆ نموونە: هەستکردن، سۆز، بۆچوون، ئیبینی کرد، هزر...هتد.

**خۆبواردن لەبڕیاردان**

میتۆدی فینۆمینۆلۆژی هەروەک لەلای هۆسرێل ڕەنگی ڕێژراوە لەچەند بەشێک پێکهاتووەو بەچەند قۆناغێکی یەکلاییکردنەوەو بڕیارداندا ئیدەپەڕی، بەڵام سروشتە هەرە دیارەکەی شت خستنە ناو کەوانەوەو خۆ بواردن لەبڕیاردانەکە بەعەرەبی (التوقف عن الحكم)و بەلاتینی وشەی ئێپۆخی (Epoche)ی، بۆیە کارهێنراوەو دەکرێ بەکوردی هەروەها بوترێ:

-بڕیارنەدان

-هەڵپەساردن بڕیاردان

کەوابوو بابزانین ئەو یەکلاییکردنەوەو قۆناغانەی ئەو میتۆدەیە کەخەسڵەتی سەرەکی فەلسەفەی هۆسرێل دیارو دەستنیشاندەکەن چین‌و کامانەن؟

فینۆمینۆلۆژی کەلە وشەی فینۆمینۆ وائە(دیاردە) کەوتوەتەوە برینیە لەتوێژینەوەی ڕێکوپێکی سیستماتەی هۆشی مرۆڤ، چونکە هۆش خۆی لەخۆیدا ئاکە دیاردەیە مرۆڤ لێ دڵنیاییەوە گومانی لێ ناکات.

شارەزایی‌و ئەزموون دەربارەی ژیان‌و جیهانی دەروبەر هەرچی هەیەو نییە هەر لەپەیبردن بەبابەت‌و کەرەستەکانەوە ئاوەکو زانینی زانستی لەهوشەوەیەو بەو پێکدێت و دەشنیشاندەکرێت، دیاردەکانی هۆش (کەلەلێرەدا بەهۆشی بێگەردی دوور لەدەستی هەستەکان ناودەبرێ) ئەو دیاردانەن کەمیتۆدەی فینۆمینۆلۆژی

هۆسرێل بەپێچەوانەی کانتەوە، بەپێی بنەمای ئامانجەکەی لەچوارچێوەی ئەو میتۆدەیەدا وای داناوە کەهۆش خۆی کۆنترۆڵی بۆ چوونەکانی پەیوەست بەشتی دەرەکییەوە ناکات

سەرگەرمی توێژینەوەیانە، هۆش یان هوشیاری لەئەزموونی زیندوی ژیانی ڕۆژانە پێکدێت، چونکە ئەوەی بەدەردەکەوێت‌و مرۆڤ پەی پێدەبات لەئەزموندا دەردەکەوێ.

ئیتر دەبێ بەو پێیەی پێکهاتەو بنەمای هۆش ئەزمون بەتەنیا کەرەسەی شرۆڤەکردن‌و توێژینەوەی ئەو میتۆدەیەبێ! پشت ئەستور بەشاکاری (چەند ئایدیایەک بەرەو فینۆمینۆلۆژیەکی بێگەردو فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی) ئەو میتۆدەیە لەشرۆڤەکردندا (وەسف) پوختەکراوەتەوە، بەڵام چۆن شرۆڤە کردنێک؟

شرۆڤەکردن لێرەدا مەبەست لەباسکردنی ناوەڕۆکی دیاردەی هەستە بەو پێیەی کە دەبێ بگەڕێنرێتەوە سەرەنج‌و بنەماو بنەوانەکەی، بۆیە دەکرێ لەو

پرۆسەیەدا دوو لایەنە بەدیکرێت:

یەکەم: لایەنی نالەبار (نێگاتیڤ):

لەو لایەنەی میتۆدەکەدا دەبێ تەنیا هەر بایەخ بەخەسڵەتی گەوهەری شتبدرێ، چۆن لەهۆشدا بەدەردەکەوێ‌و بەرجەستەدەبێ، ئەو ڕەوشە وا پێویستدەکات هەموو بیروبۆچونێکی پێشنووتر پێشبینە پشتگوێ بخرێ، مرۆڤ خۆی لەبڕیاردانی خێراو سەرپێیانە ببوێرێ‌و دووبکەوێتەوە بەبێ ئەوەی گومان لەبوونی شمەکی دەرەکی دەرەوەی منی مرۆڤ بکرێت.

دەبێ ژیر کە لەو پرۆسەیەدا پشتی پێدەبەستری، بوونی ڕیئالیستی شت بخاتە نێو دوو کەوانەوە بۆئەوەی بتوانێ راستەوخۆسەرنجی گەوهەری شت بدات، بۆئەو قۆناغە هۆسرێل و شەی (Epoche) ئێپۆخی بەکارهێناوە.

دووەم: لایەنی لەبار (پۆزەتیڤ)

ئەو بەشە پوختەی میتۆدەکەی لێ پێکهاتووە، دەبێ لەو قۆناغەدا بەئایبەتی (ڕووبکرێتە شتەکان خۆیان) چوون بەرەو ئەو شتانەی بەڕوون‌و ڕەوانی لەهۆشدا بەدەردەکەون، ئەو لایەنە پشت بەبنەمای ئامانجەکەی‌و چوونەوە سەر شت خۆی دەبەستێ.

هۆسرێل بەپێچەوانەی کانتەوە، بەپێی بنەمای ئامانجەکەی لەچوارچێوەی ئەو میتۆدەیەدا وای داناوە کەهۆش خۆی کۆنترۆڵی بۆ چوونەکانی پەیوەست بەشتی دەرەکییەوە ناکات.

بۆئەوەی بیانکات بەکەرەسەی زانین‌و توێژینەوەوە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە ڕووبکاتە شمەکەکانی دەوروبەر

بۆ زانینیان، ئەو هەڵوێستە وا دەگەیەنێ کەمیتۆدەکە ئەزمونی نییە، بەڵکو (داتا)و ئینجا روونکردنەوەی ئەوەی بەدیاردە ناسراوەو باسکردنی لەو کۆششەدا پشت بەهیچ قانونو بنەماو ریسایەکی پێشبییانە نابەستێ.

بۆ پتر روونکردنەوەی ئەو بابەتە ئەو نمونەیە دەخەینە بەرچاو:

مرۆڤ درەختێک دەبینێ ، خودی مرۆڤ و درەختەکە دوو بابەتن شانبەشانی لەژماردن نەهاتوی شمەکو بابەتی دیکەلە جیهانی دەوروبەردا کەبوونیان هەیە.

ئەوی لەبارەی خودی مرۆڤو درەختەکەوە وتراوە، دەخرێنە نێو دوو کەوانەوەو دووردەخرێنەوە، هەروەها ئەوە بەگرنگ دانانرێ ئایا دەوربەری مرۆڤ لەجیهانی دەرەکیدا شت بوونی هەیە، یان نا.

لەجیهانی هەموو ئەمانەدا مرۆڤ ورد دەبێتەوە، هزرو بیری خۆی بەئەزمونو شارەزایی خۆی دەربارەی (درەختەکە چۆن لەهۆشیدا رەنگ رێژراوە) خەریک دەکات.

ئینر ئەوەی گرنگە چۆن ئەو درەختە وەک گەوهەرێک وەک چییەتییەک (ماهیەت) لەهۆشی مرۆڤدا نەخشاوە، باسو شرۆڤەبکرێت، جا ئەو گەوهەرە چییەتییەکی گشتی، یان مادەبێت، ئەو بوونەوەر نییە، بەڵکو چەند پێکهاتەیەکی دەلالـەتو واتا کەراستی (هەقیقەتی) ژیرانەی هـاوردەی هەستو هۆشیان لێ پێکدێت، ئەمەیە مەبەستی هۆسرێل کەباسی سەرنجدانی گەوهەرو چییەتی کردوە.

هاتنەوە سەر شت کەمەبەست گەڕانەوەیە بۆ سەر گەوهەری شت برینییە لەشرۆڤەکردن، لەو کایەدا هۆسرێل جیاوازی لەنێو دوو پرۆسەی بیرکردنەوەدا کردوە.

-ناوەڕۆکی بیرو هۆش (نۆئیما)

-پرۆسەی چالاکی بیروو هۆش (نۆئیزیس).

بۆ نموونە کەمرۆڤ درەختەکە دەبینێ ئەزمونێکە ئەنیا هەر شارەزایی نییە، بەڵکو دەربارەی درەختەکە هوشیارو بەئاگایە، ئەو هۆشو ئاگاییەکە شارەزاییو ئەزمونەکە دیارو دەسنیشاندەکەن، بۆیە دەبێ گەوهەری شتەکە مەبەست بێو هیچ بریارێکی سەرپێیو پێشبییانە نەدرێ، ئەوی پێشتر وتراوە بخرێتە لاوە بۆ بریاردان، نەک هەر نابێ پشتیان پێببەسترێ، بەڵکو دەبێ مرۆڤ لەبریاردانەکەش خۆی بپارێزێو ببوێرێ، ئەو خۆ لەبریارو حوکمڕانە بواردنە ئەو شتانە دەگرێتەوە کەبوونیان لەکاتو شوێنی دیاریکراودا، دەکەونە بەرهەستو دیدو سەرنجو ئاگای مرۆڤەوە.

خۆ بواردن لەبریار کەبەرامبەر بەداتانی «بوونی جیهانە» لەنێو دوو کەوانەدا لەو جیاوازییەوە هەنگاو هەڵدەگرێ، کەلەنێوان کاروچالاکی هزرو بیرکردنەوەدا دەکرێ، ئەو کاروچالاکییەی کەواتاو دەلالەت بەکەرەسەی ناوەڕۆکو پرۆسەی بیروهۆش لەیەکتری لەئەرازووییەک دەچێ، کـەدوو تای بەرامبەر بەیەکتری هەیە، لەئایەکیاندا ناوەڕۆکی ئێبینیکردنو بریاردانو وەبیرهاتنەوە هەیە، لەئاکەی تریدا پەیوەندی دەسنیاوی ئەوەی پەی پێبراوەو ئەوەی ئێبینی کراوە، ئەوەی بریاری لەسەرداوە ئەوەی وەبیر هاتوەتەوە هەیە .

پەراوێزەکان:

1-Edmund Husserl: Ideem Zu einer reinen phanomenologe and phanomenologi che philosophie. Tubingen 2002. S. 179. ff

2-Edmund Husserl: philosophie al strenge wissenschaft. In: Auf satze und vortrage 1911-1927. S. 12. ff

*بەشی فەلسەفە-کۆلێژی ئەدەبیات- هەولێر